# جیابوونەوەو هۆکارەکانی لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا

تامان شاکر

ئەلمانیا

جیابوونەوە یاخود (تەلاق) سوتێنەرترین خاڵی کۆمەڵگای ئەمرۆمانە، هۆکارێکی سەرەکییە لە تێکشکانی پەیوەندییە کۆمەلایەتیەکان، رێژەکەشی رۆژبەرۆژ لە هەڵکشانە.بەبێ جیاوازی لە نێوان کۆمەڵگە هەژارو سەرمایەدارەکاندا بەپێی راپۆرتێکی کەناڵی بی بی سی لە میسر،هەر 6 دەقەیەك خێزانێك جیا دەبێتەوە.

لە ئەڵمانیا ساڵی رابردوو ملێۆنێك ودوسە دو پەنجا هەزار خێزان جیا بوونەتەوەو زۆرینەی خەڵکی ئەم ولاتە بە تەنها دەژین و بیر لە خێزان دروست کردن ناکەنەوە.تەنهالە سەدا سی وچواری خێزان دروست دەکەن.

لەئینگلتەرە لە ساڵی هەزارو هەشت سەدو پەنجادا سالآنە تەنها سێ خێزان جیادەبووە لە ساڵی هەزارو نۆسەدو هەفتاو نۆئەم رێژەیە گەیشتۆتەسەدو بیست و نۆ هەزار خێزان.

پەتای جیابوونەوەرووبەرووی ئەو بیانیانەش بۆتەوە کە لەم ولآتانەدا دەژین،لە ناو کوردەکانی ئەورووپاش رێژەی جیابوونەوە زۆرە لەبەر ئەوەی لێرە دەسەلآت دابەش دەبێتەوەو ژنان کەمێك دێنەسەرەوەو پیاوانیش ئەو دەسەلآتەی لە کوردستان هەیان بوو لێرە لە دەستی دەدەن، و ژنانیش دەوڵەت هاوکاریان دەکات و ئەوەی ساڵەهایە قبووڵیان کردووە لێرە ئامادە نین قبوڵی بکەن،چونکە مافەکانیان پارێزراوە یاسایەك هەیە پشتگیریان لێدەکات و ژیانیان دابین دەکات.ئامادە نین بەرگەی لێدان وزوڵمی پیاوەکانیان بگرن لە ناو سیستەمێکی دیموکراتیدا.

جیا بوونەوە یانی دابەشکردنی هەموو شتێك بە منالەکانیشەوە،یانی هەڵوەشانەوەی خێزانێك.جیابوونەوە بۆ هەردولا سەختە،بەلآم گەورەترین ئازار بۆ منالەکانە،تاکە خۆراکی ئەم شەڕو دابەشکردنەش هەر منالەکانن کە خۆشەویستی لایەنێك واتە دایك یان باوك لە دەست دەدەن و،تووشی کێشەی دەروونی دەبن کە کاریگەری خراپی دەبێت لە سەر ژیانی داهاتوویان.

شێوەی جیابوونەوەش بەپی یاساو ئاین و کەلتووری ولآتان جیاوازە.

لە ئەووروپا دەبێت ژن و پیاوەکە ماوەی دووساڵ بە جیا بژین.ئەگەر بیریان لە گەڕانەوە نەکردەوە،ئەو کاتە دادگا بڕیاری جیابوونەوەیان دەدات.لەلای ئێمەش پیاوەکە دەتوانی لە ماوەی چەند دەقەیەك ژنەکەی تەلآق بدات بەبێ دادگاو بەبێ ویستی ژنەکەش،هیچ یاسایەك مافی ژنەکە ناپارێزێت.چونکە دین و یاسا ئەو دەسەلآتەی پێداوە.ژنە پیرەکانی لای خۆمان دەڵێن پیاو خوای دوومە،خوای یەکەم دیار نییە هەیە یان نا کەواتە پیاو خوای یەکەمە لە سەر زەوی مافی هەموو شتێکی هەیە.

لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا منالٚ هی دایکەو لە دوایی جیابوونەوەش هەر دایك بەرپرسیاری یەکەمە لە حاڵەتێکدا کە ژنەکەبە هەرهۆیەکەوە توانای پەروەردەکردنی منالەکانی نەبێت ئەو کاتە پیاوەکە دەتوانێ ئەرکی پەروەردەکردن و ژیانیان لە ئەستۆ بگرێت.

لە حالەتێکدا ئەگەر ژنەکە شووبکاتەوە یان هاورێیەکی پیاوی هەبێت واتە کەسێکی تر شوێنی باوك بگرێتەوە،دەبێتە کێشەیەکی گەورە بۆ منالەکان،چونکە منالەکان ئەم پیاوە تازەیە بە باوکی خۆیان نازانن و بەڵکو دژایەتیشی دەکەن.بۆیە زۆر جار ئەو منالآنە لە لایەن دەوڵەتەوە دەدرێن بەو خێزانانەی منالیان نابێت،و لای ئەم خێزانە نەناسراوە دەبێت خۆشەویستی

وئارامی ماڵەوە بدۆزنەوە،ئەوەش هەموو جارێك ڕاست دەرناچێت و ناچار مناڵەكان دەبرێن بۆ كەمپی پەروەردەكردنی منالآن ئیتر خەونی خۆشەویستی و ژیان لە دەست دەدەن.

لە كۆمەڵگا ئیسلامیەكانیش لە بەر ئەوەی یاسایی باری كەسایەتی بە گوێرەی یاسای ئیسلامە منالٚ هی باوكەو تەنها باوك مافی ئەوەی هەیە سەرپەرشتی مناڵەكانی بكات هەندێك جاریش باوك توانایی پەروەردەكردنی مناڵەكانی نییە تەنها بۆ تۆڵە سەندنەوەلە ژنەكەی،مناڵەكان دەباتە لای خۆی چارەنووسی مناڵەكانیش دەكەوێتە دەستی باوەژنێكی بێویژدان تالآوی مەرگیان دەرخوارد دەدات.چەند ساڵێك لەمەو بەر لە كوردستان باوەژنێك بە دەرمانی مشك دوومنالٚی پیاوەكەی كوشتبوو.

ئەمرۆ لە كۆمەڵگایەكی وەك ئەڵمانیا ڕێژەیەكی زۆر خەڵك نایانەوی ژیانی خێزانی دروست بكەن وەك دوو هاوڕێ لە ماڵێكدا بەیەكەوە دەژین،چونكە ژن هێنان لەم ولآتانەدا هیچی تێناچی بەلآم جیابوونەوە نرخەكەی زۆر گرانە،ئەوەی كە كار دەكات دەبی داهاتەكەی بكات بەدوو لەتەوە جا ژنەكە بێت یان پیاوەكە.ئەم مەسەلەیەش زۆرتر پیاوەكان دەگرێتەوە،چونكە مناڵەكانی لا نییە.بۆیە خەڵكەكە خۆیان لەم مەسەلەیە دوور دەگرن و ئەوەش كێشەیەكی ئابووری كۆمەلآیەتی گەورەی دروست كردووە،ئەم كۆمەڵگایانە بە كۆمەڵگایی پیر دەناسرێن چونكەمناڵیان كەمە.

ڕێژەیەكی زۆر لە زانایان و پسپۆرانی باری كۆمەڵناسی خۆیان بە جیابوونەوە و هۆكارەكانی خەریك كردووە و دەرئەنجام چوار كێشەی سەرەكیان خستۆتە ڕوو كە

1- كێشەی ئابووری
2- جیاوازی بیرو بۆچوون لە نێوان ژن و پیاودا
3- كێشەی سێكس
4- ڕێنەكەوتنی كیمیایی لەش

زۆر جاریش كەسو كاری پیاوەكە یان هی ژنەكە ڕۆڵێكی سەرەكی دەبینن لە تێكدانی ژیانی خێزان و هەندێك جاریش نەبوونی منالٚ دەبێتە هۆی جیابوونەوە هەندێك جار كێشەكە لای پیاوەكەیە بەلآم لای ئێمە ئەگەر پیاوێك منالٚی نەبێت وا دەزانیٚ لە پیاوەتی كەم دەبێتەوە بۆیە ژنەكەی تەلآق دەدات و ژنێكی تر دەهێنیٚ.

لە زۆربەی ولآتاندا ئەو ژنانەی جیادەبنەوە وەك ژنانی لای ئێمە كێشەیان نییە بەڵكو دەوڵەت هەموو ئاسانكاریەكیان بۆ دەكات و ژیانیان دابین دەكات كۆمەڵگەش بەچاوێكی سووك سەیریان ناكات.ژنانی ڕۆژهەلآت بە گشتی و ژنانی كورد بە تایبەتی لە جیابوونەوە دەترسن،زۆر جار بەرگەی لێدان وجوێن و هەموو چەوسانەوەیەك دەگرن تەنها بۆ ئەوەی لەلای پیاوەكانیان بمێنەوە چونكە دەزانن ژیانی دوای ئەو زیندانە ژیانێكی سەختری بەدواوەیە،ئەو ژنانە جارێكی تر ناتوانن خێزان دروست بكەنەوە پیاوانیش لەلای ئێمە لە ژنی تەلآقدراو دەترسن و نزیكیان نابنەوە،زۆر بە دەگمەن پیاوێك ئازایەتی ئەوەی هەیە ژنێكی تەلآقدراو بخوازێت.ژنێك كە جیا دەبێتەوە پێش هەموو شتێك كەسو كارەكەی دواتر خەڵكی تر بەچاوی سووك سەیری دەكەن ژیانی لێدەكەن بەدۆزەخ،هەر كێشەیەك بێتە پێشەوە هەر ئەو تاوانبارە دەیان جار پێی دەڵێن ئەگەر باشبوویتایە تەلآق نەدەدرای.ژنی تەلآقدراو دەبێت لە زیندانێكی هەتا هەتاییدا بژیت و نابێت لە مالٚ بچێتە دەرەوە چونكە پەردەكەی نەماوەو، دەتوانیٚ بە ئازادی سێكس بكات.

ئێمە وەکو کورد لە زمانی کوردیشدا وشەیەکمان نییە بەرامبەر تەلاّقی عەرەبی،ئەوانەی مێردەکانیان مردووە هەر بە بێوەژن ناویان دەبەین و ئەوانەی جیابوونەتەوەش هەر بە بێوەژن ناویان دەبەین،بەلاّم لە زمانە زیندوەکانی تردا جیاکردنەوەیەك هەیە بۆ هەردوو حالّەتەکە.

لە کۆنەوە کورد هەر بەسووکی لەو ژنانەی ڕوانیوە کە جیابوونەتەوە،لە پەندێکی کوردیدا هاتووە دەلّێ (بێوەژن مەخوازە خاوەن دراوبێ، کچی بخوازە با کراسی جاو بێ ) کەواتە بێوەژن و تەلاّقدراو لە کۆنەوە لە ولاّتی ئێمە نرخیان نەبووەئێستاش هەر نیانە،چونکە پێشووتر لەگەڵ کەسێکی تر پەیوەندی سێکسیان هەبووە.ئەگینا کێشەکە چییە؟چی لەو کەسانە گۆڕاوە؟مەگەر لە مرۆڤەوە بوون بە دڕندە یان مەیمون!بۆ ئەم مەبەستە هەوڵمدا لەگەڵ کۆمەڵێك ژن وپیاو بدوێم کە هەموویان جیابوونەتەوەو سەر بە کۆمەڵگاو نەتەوەی جیاوازن لە ناو ئەوانەشدا دوو پیاو ژنێکی کورد هەن.



سەرەتا لەگەڵ( نیکول کورتز) تەمەنی 28 ساڵە خاوەنی دوو منالّە ماوەی دوو ساڵە لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوەو،ئێستا لەگەڵ منالّەکانی دەژی.

بۆ لە هاوسەرەکەت جیابوویتەوە؟ هۆکاری سەرەکی جیابوونەوەی ئێمە ئەوەبوو کە پیاوەکەم بەردەوام ڕەش دەڕۆیشت و پەیوەندی سێکسی لەگەل ژنانی تر هەبوو،واتە بێجگە لە من چەند ژنێکی تریش لە ژیانی ئەودا هەبوون.چەند جارێك هەوڵمدا چاوپۆشی لێبکەم بەلاّم ئەو هەر وازی نەهێنا بۆیە بڕیارم دا لێیی جیاببمەوەو ئێستا پەیوەندیمان باشترە وەك دووهاوڕێ لەگەل یەك قسە دەکەین هەفتەی جارێکیش منالّەکان دەبینێت نە من کێشەم هەیەو نە ئەو.

کێشەکانت دوایی جیابوونەوە چین؟ کێشەیەکی وام نییە لە ڕووی داراییەوە دەوڵەت هەموو ئاسانکاریەکی بۆم کردووە،تەنها لە ڕوی ڕۆحیەوە هەندێك جار هەست بە تەنهایی دەکەم و بڕواشم بە پیاو نەماوە،کاتم پێویستە بۆ بیرکردنەوەو هەرچەندە من گەیشتومەتە ئەو ئەنجامەی کە جیابوونەوە شتێکی ئاساییەو دوو کەس نەیانتوانی ژیان بەردەوام بکەن باشترە جیاببنەوە،زۆر جار جیابوونەوە چارەسەری کێشەکانە.



دواتر ڕووی پرسیارم لە (لینا لی) خەلّکی کۆریای باشوور کرد لینا تەمەنی 34 ساڵەو خاوەنی دوو منالّە ماوەی 3 ساڵە بە تەنها دەژی و منالّەکانی پەروەردە دەکات.

هۆی چی بوو لە هاوسەرەکەت جیا بوویتەوە؟ خۆشەویستی بوو،هەستم دەکرد هاوسەرەکەم منی خۆش ناوێت هەستی نەماوە بۆ من،پەیوەندی سێکسمان نەمابوو بە یەکەوە.

هەموو بەیانییەك کە لەخەو هەلّدەستام نائومید تر دەبووم بۆیە ڕۆژێکیان پێم ووت شتەکانت ببەو برۆ، پێم وایە زۆری پێخۆش بوو بەبێ ئەوەی قسەیەك بکات مالّەکەی بەجێهیشت،ئێستاش خۆم و منالّەکانم بەیەکەوە دەژین.

کێشەکانت چین؟ کێشەی من تەنها ئەوەیە بتوانم ژیانێکی باش بۆ منالّەکانم دابین بکەم.

کۆریەکان چۆن لە ژنێکی جیابووە دەڕوانن؟ لای ئێمەجیابوونەوە کێشەیەکی زۆر گەورە نییە، کەسیش لە بەر ئەوەی جیا بوومەتەوە بە چاوی سووك سەیرم ناکات.بەلّکو هەوڵ دەدەن هاوکاریم بکەن و یارمەتیم بدەن.

بیر دەکەیتەوە جاریکی شوو بکەیتەوە؟ شووکردنەوە نەخێر بەلاَم هەولْ دەدەم  هاورێیەك بۆ ژیانم بدۆزمەوە سیَ سال تەنهایی سەختەو ئیتربەرگەی ناگرم.

(ئۆلگا ئاباكۆڤا) تەمەنی 40 سالەو خەلکی سیبیریایەو ماوەی چەند سالێکە لە ئەلمانیا دەژی، و لەگەل هاوسەرەکەی بەیەکەوە هاتوون بۆ ئەلمانیا دوای ماوەیەك جیابوونەتەوە



باشە هۆکارەکەی چی بوو؟ ئێمە کێشەی ئابووریمان هەبوو پیاوەکەم بێکار بوو وە زمانی نەدەزانی خۆشت دەزانی لە ئەلمانیا زۆرینەی ڕێژەی بێکاری لە نێوان خەلکی بیانییە.من وامدەزانی لە ئەلمانیا ژیانمان خۆشتر دەبێت بەلاَم بەداخەوە کێشەکانمان زیاتر بوو. کاتیك مرۆڤ هەژار بێت و بێکار بێت هەولْ دەدات کارێك بۆ خۆی بدۆزێتەوە ئێمەش شەڕمان دۆزییەوە      هاوسەرەکەم دوایی جیابوونەوە گەڕایەوە بۆسیبیریا و سالانە جارێك سەردانی کچەکەی دەکات و میوانی منیش دەبێت.

وەك میوانێك سەیری دەکەیت یان زیاتر لە میوانێك؟

هەروەك میوانێك ئێمە هەردووکمان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کەناتوانین ژن و مێردێکی باش بین بەلاَم دەتوانین دوو هاوڕیی باش و لە هەمان کاتدا دایك وباوکێکی باش بین بۆ کچەکەمان.لەم ولاَتەش دەولەت ئاسانکاری زۆری بۆ کردووین و ژیانیشمان باشە بەلاَم تەنهایی بۆ خەلکی ئەم ولاَتە سەختە، دەبێت  بۆ ئێمەی بیانی چەند سەختربێت.

هاوسەر یان هاوڕێی تازەت نییە؟

لەگەل پیاوێکی ئەلمان ماوەی شەش مانگ ژیام و بەلاَم کچەکەم زۆری پێناخۆش بوو بۆیە وازم هێنا ئێستا بە تەنها دەژیم.



ئەلەکساندرا تەمەنی 24 سالەو خاوەنی منالێکە چوار سالە لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە

دایکی خەلکی تورکمانستانەو باوکی ترکە هاوسەرەکەشی هەر ترك بووە

بۆچی جیابوونەوە بەو گەنجییە؟

لە ڕاستیدا من شووم بە کوڕێکی تورك کرد باری دارایی زۆر باش بوو سەرەتا ژیانمان زۆر خۆش بوو یاریم بە پارە دەکرد،منیش حەز بە دەولەمەندی دەکەم،دواتر خانوییەکمان لە نزیك مالی خەزورانم گرت لەوەوە کێشە سەری هەلدا ئەوان زۆر دەستکاری ژیانی ئێمەیان دەکرد و دەبوایە لە هەموو شتێك پرس بە دایکی بکات و ئێواران دەبوایە سەر لە دایکی بدات بەر لەوەی بێتەوە بۆ مالەوە هەندێك جاریش هەر نەدەهاتەوە،دایکی زۆر ڕقی لە من بوو، هاوسەرەکەشم خاوەن کەسایەتی خۆی نەبوو ئەوان چیان بووتایە ئەو دەیووت ڕاستە بۆیە بڕیارم دا جیاببمەوە،زۆر هەڕەشەی لێکردم و منیش کەمێك دەترسام، ناچار پەنام بۆ پۆلیس برد و دوای ئەوە بۆی نەبوو نزیکی مالەکەی من بێتەوە،و دوای 2 سالْ بە تەواوی جیابووینەوە ئێستا تۆ پرسیارت نەکردایە من ئەوم لە بیر نەماوە. ژیانی تایبەتی خۆم هەیە و هاوڕێی پیاوم هەیە هیچ کێشەیەکم نییە.کەسیش بە جۆری سەیرم ناکات زۆر کەسیش حەز دەکەن هاورێیەتیم بکەن بەلاَم من کاتم نییە.

پیترا دەماسکۆڤا تەمەن 43 سال خاوەنی 3 منالْ لە پۆلۆنیا لە دایك بووە و لەگەل هاوسەرەکەی هاتوون بۆ ئەلمانیا



هۆكاری جیابوونەوەكەت چی بوو؟ من كۆمەلێك كێشەم هەبوو لەگەڵ هاوسەرەكەم

لەوانە تەمەڵی،خواردنەوەی زۆر، پرخەی شەوانە ئەوەندە ئەلكهولی دەخواردەوە بەردەوام بۆنی

ناخۆشی لێدەهات و حەزم نەدەكرد نزیكم بێتەوە وورده وورده پەیوەندیەكەمان بەرەو خراپی

چوو ئەو تووشی نەخۆشی (كۆلێریكە) بوو ئەوەش نەخۆشیەكە مرۆڤ ناتوانی كۆنترۆلی خۆی بكات

بەردەوام لەسەر هەموو شتێك شەڕی دەكرد و دواتر جیابووینەوە ئێستاش مناڵەكانم گەورەبوون منیش ژیانی خۆم دەژیم نیازم هەیە لە داهاتوویەكی نزیك شوو بكەمەوە تۆش بانگ كراوی بۆئاهەنگەكەم .

ئەم جارە هەر خەڵكی ولاتەكەی خۆتە؟ نەخێر ئەم جارە هاوسەرەكەم ئەڵمانەو ماوەیەكی زۆرە بەیەكەوە دەژین بڕیارمانداوە بەیەكەوە بمێنینەوە.

(فكتۆریا ئەسەر) تەمەنی42 ساڵە خەڵكی گانایە و پانزە ساڵە لە ئەڵمانیا دەژی و منالی نەبووە،و ماوەی 8 ساڵە لە هاوسەرە ئەڵمانەكەی جیابۆتەوە لەبەر ئەوەی تازە دایكی مردووە نەیویست وێنەی بگرم.

فكتۆریا دەلێت هاوسەرەكەم بۆ سەفەر و ڕابواردن هاتبوو بۆ گانا بە پێكەنینەوە وتی گوایە حەزی لە ژنی پێست ڕەشە منی هێنایە ئێرەو ماوەی حەوت ساڵ بە ئازارەوە بەیەكەوە ژیان،من نەمدەویست ولاتی خۆم بەجێ بێلم بەلام ئەو كاتە وام دەزانی ئەڵمانیا بەهەشتە لە گەڵیا هاتم، من بووم بە كارەكەری ناوماڵ

ئەو نەیدەویست من تێكەلاویم لەگەڵ خەڵكی ولاتەكەم هەبێت،كەئەوانیش دەهاتن بۆ لام من نەمدەتوانی بەئەڵمانی لەگەڵ خەڵكی ولاتەكەی خۆم قسە بكەم،دەتوانم بلێم دوو كەلتووری جیاواز كێشەیەكی گەورەیە مەرج نییە مرۆڤەكان خراپ بن بەلام كەلتووری سەردەستەو ژێر دەستە هەیە من كەلتووری ژێر دەستەبووم

دەبوایە من واز لە شتەكانی خۆم بهێنم وداواكاریەكانی ئەو جێبەجی بكەم.

ئەی چۆن جیابوونەوە؟ ئێوارەی جەژنی لە دایك بوونی مەسیح وتی پەیوەندی من تۆ تەواو ماڵەكەی بەجێهیشت و ڕۆیشت ئێستا لەگەل ژنێكی ئەڵمان دەژی منیش تەنهام، بەلام خەڵكی ولاتەكەم بەردەوام هاتوچۆم دەكەن تەنهایم پێوە دیار نییە.

باشە ئەفریقیەكان چۆن لە ژنی جیابۆوە دەڕوانن؟ لە هەندێ شوێنی ئەفریقا ژنان ئەو كێشەیان هەیە بە تایبەتی ئەوانەی موسڵمانن بەلام لە لای ئێمەی مەسیحی ئاساییە هەموو كات دەتوانی ژیان لەگەل پیاوێك

دەست پێبكەیتەوە،ئەمە كەی كێشەیە، ئێمە كێشەی ئیدز و هەژاریمان هەیە و ئەمرۆ لە هەموو جیهان و بەتایبەتی لە ولاتە هەژارەكان شیرازەی خێزان پچراوە لەبەر هەژاری خێزانەكان جیادەبنەوە هەر كەس بە دوایی چارەنووسی خۆی دەگەرێت و زۆر جار ژنەكان ڕوو لە ئەوروپا دەكەن و كاری سێكس فرۆشی دەكەن.یان ئەوەتا ئەو كارانە دەكەن كە ئەورووپیەكان خۆیان نایكەن.

بیر ناكەیتەوە بگەرێتەوە بۆ گانا؟ پێم وانییە لێرە ژیانیكی باشم هەیە و دەتوانم یارمەتی كەس و كارەكەشم بدەم .ڕاستە ماوەیەك بە هۆی جیابوونەوە باری دەروونیم زۆر خراپ بوو بەلام ئێستا زۆر بەهێزم و كاردەكەم هەوڵدەدەم هاورێیەك بۆ ژیان بدۆزمەوە و بە پێكەنینەوە وتی دەبێت خەڵكی گانا بێت.



هیلینا هێرمان تەمەن 26 ساڵ خاوەنی مناڵێكەو خەڵكی ئۆزبیكسانە ماوەی دوو ساڵە لە

ئەڵمانیا دەژی هیلینا کێشەکەی زۆر جیاوازە لە ژنەکانی تر هەرچەندەجیابۆتەوە بەڵام تا ئێستا هاوسەرەکەی هاوسەرەکەی خۆشدەوێت هۆکاری جیابوونەوەکەشیان تەنها ئەوروپا بووە.هیلینا دەڵێ ژیانمان زۆر ناخۆش بوو زۆر هەژار بووین،من دەمویست بێن بۆ ئەورووپا هاوسەرەکەم ڕازی نەبوو لە سەر ئەوەجیا بووینەوە،بەردەوام بە تەلەفۆن قسە دەکەین بەیەکەوە،بەڵام نە ئەو دێت بۆ ئێرە و نەمنیش دەمەوێ بگەڕێمەوە نازانم کەی هەردووکمان ماندوو دەبین و بە تەواوی واز دینێن.

کێشەکانت دوایی جیابوونەوە چین؟ هەست دەکەم پێویستم بە پیاوێك هەیە ناو جێگا ساردوو سرەکەم گەرم بکاتەوە،من هێشتا گەنجم بەڵام خۆشەویستی هاوسەرە کۆنەکەم ئەو ڕێگاییەی لێگرتووم و کچەکەشم حەز ناکات باوکیکی تری بۆ پەیدا بکەم.

(س ن) ژنێکی کوردی خەڵکی باشووری کوردستانەو تەمەنی 28ساڵەو ماوەی شەش ساڵە هاتووە بۆ ئەوروپا و خاوەنی منالێکەو دوایی ماوەیەکی کورت لە هاوسەرەکەی جیابۆتەوە حەزی نەکرد ناو وێنەی شوێنی دانیشتنی ئاشکرا بکەین بۆ ئەوەی ئازادانە بدوێ.

سەرەتا بۆ بڕیارتدا لەگەڵ ئەم پیاوە ژیانی خێزانی دروست بکەیت و بۆچی جیابوویتەوە؟

من کچێکی گەنج و جوان بووم حەزم دەکرد شوو بکەم و ئەو کاتە یەکێکی خاریجی داواتی بکردایە زۆر گرنگ بوو بۆیە،خۆم کەسوکارەکەم یەکسەر ڕازی بووین. بەڵام کێشەی ئێمە هەر لە سەرەتاوە دەستی پێکرد. من لە کوردستان ماوەیەکی زۆر بە دەستگیران بووم هەر چاوەڕێم دەکرد،دوایی پیاوەکەم هەوڵیدا بە ڕێگایی یۆنان من بەری بۆ ئەڵمانیا،لەرێی تورکیاوە منی برد بۆ یۆنان و خۆشی گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا

گوایە قاچاخچیەکە ئاگای لێم دەبێت و کارەکانم بۆ هەڵدەسورێنێ بەڵام دوایی ڕۆیشتنی پیاوەکەم قاچاخچیەکە بوو بە پیاوم ولەڕاستیشدا زۆر لە پیاوەکەم جوانتر و گەنج تر بوو هەم دەوڵەمەندیش بوو من لە یۆنان باشترین ژیانم بە سەردەبرد، بەڵام ئەم ژیانە زۆر درێژەی نەکێشا و تا ڕۆژێك قاچاخچییەکە وتی ئەم شەو ڕەوانت دەکەم پیاوێکی کوردی دانیشتووی سوید بە پاسەپۆرتی ژنەکەی و بە ئۆتۆمبیل لەگەڵ خۆی بردمی تا ئەڵمانیا ئەویش پارچەیەك لە کێکەگەرمەکەی لەشمی بەرکەوت .لە ئەڵمانیاش پیاوەکەم چاوەڕێی دەکردم، بەڵام خۆزگەی ئەوەم دەخواست هەر لە یۆنان بوومایە بە هەرحاڵ دوایی ئەوەی ماوەیەکم لە کەمپی پەناهەندەکان بە سەربرد دوایی چوومەماڵی پیاوەکەم کە 21 ساڵ لە خۆم گەورەتر بوو منیش لە تەمەنی گوڵدا بووم حەزم دەکرد ئەو ژیانەی یۆنان بژیم پارە سێکس گەڕان جلی جوان بەڵام ووردە ووردە هەستم کرد من لە خەیاڵ دەژیم و ژیان زۆر لەوە سەخترە کە من بیری لێدەکەمەوە دواتریش لەگەڵ پیاوەکەم بە هیچ شێوەیەك نەدەگونجاین دوو دونیایی جیاواز بووین، ئەو دەیەویست من هیچ فێر نەبم هەر لە ماڵەوە دانیشم زوو منالی بۆ دروست بکەم.بۆ ئەوەی پارەی منال وەربگرین باری ژیانمان باشتربێت.

بەڵام کێشەکان هەر بەردەوام بوون پیاوەکەم کەوتبووە شکەوە چونکە قاچاخچیەکە پەیوەندی دەکرد پێمانەوە و هەوڵی دەدا بمبینێت منیش نەمدەزانی چۆن تا ڕۆژێك ئەدرێسەکەی خۆمانم پێدا یەکترمان بینی بەلێنی پێدام ئەگەر واز لە پیاوەکەم بێنم ئەو مارەم دەکات،دواتر پیاوەکەم خۆی وازی لێهینام تەلاقی دام وتی تۆ لە یۆنان ئەمەو ئەوەت کردووە،ماڵەکەی بەجێهیشت و دواتر جیا بووینەوە.

ئێستا کێشەکانت چین؟ کێشەم زۆرە باری دەرونیم خراپە و هەست دەکەم ژنێکی هەڵخەڵەتێنراوم بروام بە کەس نەماوە من کەسێکی گەنج بووم کەس ئامۆژگاری نەکردم هەرکەس دەیەویست لەشی منی هەبێت بۆ ساتێك،دواتر بەجێیان دەهێشتم کێشەم لەگەڵ ماڵی باوکم هەیە قسەم لەگەل ناکەن کوردە ناسیاوەکانیش وەك پێویست ڕێزم لێنانێن،هەزاران جار پێان وتووم شوو کردن بە ئەوروپا ئەوە ئەنجامەکەی دەبێت.

باشە تۆ بۆ وات کرد زوو یان درەنگ هەر دەهاتی بۆ ئەوروپا ؟دەزانی چی خۆ هەر من وام نەکردووە خەڵکی کەش هەن توشی هەمان هەڵەی من بوون بەڵام ئەوان دەبێت خاوەن ئەزموون بووبن یان بەختیان هەبووە  بەڵام ئەوەی من زوو ئاشکرا بوو، نازانم قاچاچچیەکە یان هاورێکانی وێنەی ڕوتی منیان گرتبوو  بڵاویان کردبۆوە.

لە یۆنان زۆر  پیاوی کورد بە پارە لەگەڵ پیاوی یۆنانی دەخەوتن تا پارەی سەفەرەکەیان دابین بکەن، ناویان لەو کارە نابوو ئیشی فرن، ئەوان کەس باسیان ناکات. خەڵك وەك لەش فرۆشێك سەیری من دەکات.باشە جیاوازی نیوان  من ئەوان چییە؟ هەر لەبەر ئەوەی  من ژنم و ئەوان پیاو ئەگینا کارەکە هەریەك شتە .

 ئێستاش ئەو پیاوە کوردانەی دەیانناسم لە بەر جوانی و گەنجیەکەم حەز دەکەن  بە دزیەوە واتە کەس نەزانێ سێکسم لەگەل بکەن. بەڵام کەسیان حساب بۆ من ناکات و ئامادەنین ژیانم لەگەل دروست بکەن.ئەگەر داوای خێزان دروستکردنیان لێبکەم، دەڵێن ئێمە لە ئەوروپاین کەی باوی ژنهێنان ماوە، بەڵام کاتێ بیانەوێ خێزان دروست بکەن، یان لە کوردستان ژنێکی دەستی یەك دەخوازن کە کەس دەستی لێنەدابی، یان ژنێکی ئەوروپی دەخوازن  ئەگەر پەیوەندیشی زۆریشی هەبووبێت لەوەو پێش گرنگ نییە.

ناتەوی بگەرێتەوە بۆ کوردستان؟ بە هیچ شێوەیەك چۆن نەگەڕاومەتەوە تا ئێستا، تازەش ناگەرێمەوە

کەسو کارەکەم زۆر توورەن لێم لەوانەیە ئازارم بدەن،چونکە ئەوان دژی جیابوونەوەی من بوون ئێستا چۆن دەچمەوە لێرە دەوڵەت یارمەتیم دەدات. دەمەوێ ژیانی خۆم ڕێك بخەم و زمان باشتر فێر بم زیاتر تێکەل بە کۆمەڵگەی ئەڵمانی بم.

ناتەوی شوو بکەیتەوە؟ پیاوی کورد ژنێکی وەك من بە منالێکەوە ناخوازن، بۆیە بڕیارم داوە شوو بە پیاوێکی بیانی بکەم.یان هاورییەکی پیاو بدۆزمەوە .

ئەمە بەسەر هاتی ئەو ژنانە بوو کە جیا بوونەتەوە یان (تەلاق) دراون بابزانین هەستی ئەو پیاوانە چییە کە ئەوانیش تەلاق دراون.

سەرەتا لەگەل (ش ئەحمەد)خەڵکی باشووری کوردستانە ماوەی 25 ساڵە لە ئەڵمانیا دەژی، خاوەنی سێ منالەو ژنەکەی تەلاقی داوە

شتێکی سەیرە تۆ وەك پیاوێك تەلاق دراوی ئەمە لەگەل ئەقلیەتی پیاوی ڕۆژهەلاتی ناگونجێ دەکرێ کەمێکمان بۆ باس بکەیت؟

 من سەرەتا ژنەکەمم خۆش دەویست بەڵام ئەو خۆشەویستیە لەگەل کاتدا کالبۆوەو،من خیانەتم لە ژنەکەم دەکردو بەردەوام لەگەل ژنەکەمدا، ژنانی تریش لە ژیانمدا هەبوون حەزم دەکرد وەك هارونە ڕەشید بیست ژن بە دەورمەوە بن،دەمەویست ئەو دابڕانە سێکسییەی تەمەنی هەرزەکاریم لێرە پڕکەمەوە تۆڵەی خۆم و گەرەك و شارەکەم بکەمەوە،تا ڕۆژێك ژنەکەم پێیزانی لەبەیانییەوە ماڵەوەم بەجێهیشتبوو،و ڕۆیشتبووم بۆ لای دۆستەکەم کاتژمێری نۆی شەو گەڕامەوە،کاتێك ژنەکەم وتی لە کوێ بووی دەمم تەتەڵەی کردوو وتم لە بازار بووم،هەر ئەوەندەم وت بوو بەشەڕمان لە ژنەکەمم دا ژنەکەشم بیانی بوو ئەوە قبوول

ناکات. پۆلیسی بانگ کردوو، وتیان دەبێت ئەو ماڵە بەجێبهێڵی و یەکسەر لەگەڵ خۆیان بردمیانە دەرەوە.یاسای ئەم وڵاتانەش هەر لەگەڵ ژنە، تۆ ناتوانی شتێك بکەیت.

باشە ئێستا پەشیمان نەبوویتەوە؟ هەندێك جار زۆر پەشیمانم لە بەر مناڵەکانم  بەڵام تازە ڕۆیشت نیازم وایە بچمەوە کوردستان ژنێکی کورد بێنم.

باشە بۆ لە کوردستان لێرەش ژنی کورد زۆرە؟نا ئەو ژنانەی ئێرە بە کەڵك نایەن زۆربەی  مناڵیان هەیەو جیابوونەتەوە، تەمەنیان هەیە من  ژنێکم دەوێت تەمەنی لە خوار سیەوە بێت خەڵکی شارەکە بێت، لەوەو پێش پەیوەندی سێکسی نەبووبێت، بیرکردنەوەی من ئاوایە من هەندێك شتی لای خۆمانم هەر تیا ماوە.

(ئا  ش)  خەڵکی باشووری کوردستانە ماوەی هەشت ساڵە لە ئەڵمانیا دەژی  خاوەنی دوو مناڵە هاوسەرەکەی کورد بووە بیست و سێ ساڵ پێکەوە ژیاون، ئەو سێ سال لە پێش هاوسەرەکەی هاتووە بۆ ئەوروپا لەگەل ژنێکی ئەوروپی ژیاوە، تا هاتنی خێزانەکەی.

باشە هاوسەرەکەت چۆن پێیزانی؟ هاوسەرەکەم ژنێکی خوێندەوار بوو زمانی ئینگلیزی دەزانی

ئەو ژنەش تەلەفۆنی دەکرد و مەسەلەکە بەو شێوەیە ئاشکرا بوو، من خیانەتم لە هەردووکیان کرد هەم لە ژنەکەم هەم لە هاورێکەم هیچان بەوی تریان نەدەزانی.لە دوایی هەردووکیان وازیان لێهێنام .

هاوسەرەکەت کە تازە هاتبوو بۆ ئەوروپا چۆن توانی تەلاقت بدات ؟ لێرە ژنان مافیان هەیە خۆ وەك لای خۆمان نییە، لای خۆمان لە ژنەکەت دەدەیت ژنەکە خۆشی لە شەرمان باسی ناکات، بەڵام لێرە دراوسێکانیش دەبن بە پۆلیس،ئەگەر ژنەکەش تەلەفۆن بۆ پۆلیس نەکات دراوسێکان دەیکەن،من حەزم دەکرد هەردوو ژنەکەنم هەبێت، ئەوەش لێرە جێبەجێ نابێت نەمدەزانی واز لە کامیان بهێنم بۆیە لەگەڵ هەردووکیان کێشەم هەبوو.ژنە کوردەکەم کە دایکی دوو کورەکەمە بەڵام  دوای دابڕانمان لە یەکتری ئەو هەستەمان بۆ یەکتر نەمابوو. منیش وەك زۆربەی ئەو پیاوانەی کەچاوەڕوانی هاتنی خێزانەکانیان دەکرد ژیانێکم لە دەرەوەی ژیانی ئەوان بۆخۆم دروست کردبوو، دوایی هاتنی ژنەکەم بۆم بەرێوە نەدەچوو.

ئەگەر ژنەکەت لە کوردستان وەك تۆی بکردایە هەڵوێستت چۆن دەبوو؟ ئەگەر نەم کوشتبایە دەمناردەوە بۆ ماڵی باوکی، شتی وا لای ئێمە نابێت.من پیاوم من سێکس دەکەم بەڵام نایدەم بۆیە شتەکان جیاوازن  هەرچەندە ئەم بیرکردنەوە لەگەڵ سیتەمی ئێرە ناگونجی بەڵام ئێمە کوردین و دابونەریەتی خۆمان هەیە ببورە بەڵام ئەم دابوو نەریەتە بۆخۆت بەڕاست نازانی؟ زۆر ڕاستە بەڵام کەس باسی من ناکات وەك پیاو  ژنەکەم هیچی نەکردووە چونکە لە من جیا بۆتەوە، ئەو ژنەی جاران نییە نە لەبەر چاوی خەڵك و نەکەسو کارەکەی ،کەسو خزمەکانی دەڵێن دەبووایە تەحەمولی بکردایە کەواتە هەر ئەو تاوانبارە .

ئەی چۆن جیا بوونەوە ؟ من حەزم دەکرد بچمە لای هاوری ئەڵمانەکەم و نەمدەتوانی وازی لێبهینم  ژنەکەشم بەیارمەتی هەندیك ژنی کوردەوە چووە ماڵی ژنان و لە ژیر چاودێری  پۆلیس بوون و دواتر خانوویان بۆ خۆی مناڵەکانی گرت منیش بۆم نەبوو بەلایاندا بچم، دوایی کیشەکەمان چووە دادگاو من تەلاق درام و ئێستاش دەمەوی بەیەکجاری بگەڕێمەوە بۆ کوردستان لە سفرەوە دەست پێبکەمەوە. لێرە هەموو شتێکم دۆڕاند وکورەکانم قسەم لەگەل ناکەن و ژنیشم پێنایەتە ئێرە پارەم نییە بێکارم ژنەکانم لە دەستدا ئەی چی بکەم لێرەو بەدیار چییەوە دانیشم .

لە هەموو ئەو کەسانەم پرسی ئەگەر زەمەن بگەڕێتەوەدواوە جارێکی ئەو هاوسەرانەتان هەڵدەبژێرنەوە؟

هەموویان بە نەخێر وەڵامیان دایەوە تەنها (هیلینا) نەبێت بە بەڵێ وەڵامی دایەوە لەگەڵ ئەوەش ئامادە نییە ئەڵمانیا لە بەر خاتری کۆنە هاوسەرەکەی بەجێڵێ و بگەڕێتەوە بۆلای.